# مێژوویێک لە رابووردی کۆمەڵەو
# روانگە و کرداری ئەمڕۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.

عەبدوڵای خوشپەیام (ئەبوبەکری نانەوا)

کرێکاران و کۆمەڵانی ئازادیخوازی ئێران و کوردوستان.
هاوار کردن و پەلەقاژەی بێدەرەتانی ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست و ڕێکخراوە کوردوستانییەکەی ئەو حیزبە، لە ژێر ناوی دیفاع کردن لە ئارمان و ئامانجی کرێکاریی و کۆمۆنیستی، هاوار کردنێکی ناواقع و سکتاریستیانە و هەلپەرستانەی ڕێبەرایەتی ئەو حیزب و ڕێکخراوەیە و زۆر دەمێکە زۆرینەی ئەندامانی باڵای ئەو حیزبە، خویان لە ژێر نقابی کۆمۆنیست نمائیدا شاردووەتەوە و ئەیانەوێت بە دروشمە پڕ لە زرق و زریوەدارەکان ڕوخساری خۆیان بشارنەوە غافڵ لەوەی کە ناتوانن هەموو کەس بکەن بە کەڕوکوێر و لاڵ.
بەر تیشکی هەتاو بەتەنیا بە کەسێک ئەگیرێت کە بە عەینەکی ڕەش سەیری خۆرە تاو بکات، نەک بەو کەسانەی کە عەینەکی ڕەش لەچاو ناکەن.
هاوبیران و هاوسەنگەرانی تێکۆشەری ڕێبازی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی کرێکاریّ و کۆمۆنیستی بۆ بەدیهێنانی دونیای ئازاد و یەکسان لە ناو خۆ و دەرەوەی ئێران، حیزب و ڕێکخراوە چەپ و ئازادیخوازەکان! بێگومان: دڵنیام لەوەیکە زۆربەتان ئاشنان بە مێژووی خەباتکارانەی هاورێیانی کۆمەڵەی کۆمۆنیست، کە ئەو کاتە خەریکی تێکۆشان بوون لە ناو شارودێهاتەکانی کوردستان و لەو کاتەوە کە بە یارمەتی تێکوشان و ئیرادەی پۆڵاینی چینی کرێکاری ئێران، شۆڕشی ساڵی ٥٧ سەرکەوت و حکومەتی دیکتاتۆری شایان لە گۆڕنا و کەشیکی ئازاد لە سەردەمی سەرکەتنی شۆڕشکەدا کرایەوە و خەڵک و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بە ئازادانە دەرکەوتن و هەموو بیرو بۆچونێکی جیاواز ئازادانە لە کۆڕ و کۆبونەوەکان تەبلیغ و قسەوباسیان لە سەر ئەکرا.
لە دوای٢٦ ڕێبەندان و پاش گیان بەختکردنی هاورێ حەمەحسێنی کەریمی کۆمەلە تێکۆشانی خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاندو زۆربەی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا و ڕۆشنبیرو کۆمۆنیستەکان بە ریزەکانی ئەو ڕێکخراوەیە پەیوەست دەبوون کە ئامانج و ئاواتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها چینایەتی خۆیان تێدا بەدی ئەکرد.
بەهۆی فەراهەم بوونی ئەو فەزا ئازاد و دیموکراتییە کە لە ناو شار و دێهاتەکانی کوردستان هاتبووە ئاراوە کۆمەڵە وەکو ڕێکخراوێکی چەپ و کۆمۆنیست، گەشە کردنێکی زۆر بە خۆوەبینی و پۆل پۆل لە کوڕان و کچان و ژنان و پیاوان و کریکاران و بەو ڕێکخراوەیەوە پیویست ئەبوون و ئەوەیکە لە دەستیان ئەهات، ئەنجامیان ئەداو سڵیان لە کۆنە پەرستان و دوژمنانی کریکاران و هێزەکانێ جمهوری ئیسلامی نە ئەکرد و خۆبەخشانە لە ناو هێزی پێشمەرگە و لە مەیدانە جۆراجۆرەکانی ناو کۆمەڵگای شۆڕشگێری کوردستان، بە کردەوە لە مەیدانەکانی شاخ و شار و دێهاتەکان، دەیان دانە داستانی قارەمانانە و پڕ لە سەروەرییان بۆ مێژووی خەبات چینایەتی و کۆمەڵایەتی تۆمار ئەکرد و لە هەوڵی ئەوە دا بوون، تا دونیایەکی بێ چەوساندنەوە، بۆ هەموو دابمەزرێنن و نیزامی گەندەڵی سەرمایەداری لە گۆڕنین و لە گۆشەیێکی بچووکی ئەم دونیایەوە وەکو ئێران و کوردوستان نیزامی سوسیالیستی دابمزرێنن و مرۆڤایەتی لە دەست چەوساندنەوە و بۆ حەساندەوە ڕزگار بکەن.
ئەو کاتەی کە هێزەکانی کۆمەڵە، لە کوردوستاندا حزوری فیزیکییان هەبووە لە ڕێگای رادیۆ و بڵاوکراوەکانەوە ڕوداوەکانی ڕۆژانەیان بۆ خەڵک و چینی کرێکار بڵاو ئەکردەوە. کۆمەڵە نەک تەنها لە ئێران بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی وڵاتانی تر، وەکو ڕەوتێکی هیوابەخشی بە داهاتوو، ببوە جێگای سەرنج و هیوای کرێکاران و مرۆڤە لێقەوماو و ماف زەوتکراوەکان لەو سەردەمەدا، چینی کرێکاران و هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکان زەرورەتی ئەوەیان بەدی ئەکرد و بە لە بەر چاو گرتنی هەلومەرجی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و هەبوونی هێزیکی چەپ و

کۆمۆنیستی وەکوو کۆمەڵە، هەروها لیکدانەوی پێویست بۆ دامەزراندنی حیزبێکی کۆمۆنیست و سەرتاسەری ئەکرا بۆ ئەوە چینی کرێکاری تا جیگای ممکن لە دەوری بەرنامەیەکی شەفاف و ڕادیکاڵ کۆبکاتەوە. ئەو زەرورەتە بە یارمەتی کۆمۆنیستەکانی ئیران و کوردوستان، هێنرایە مەیدانی کردەوە و لە ١١ شەهریوەری ساڵی ٦٢ ی هەتاویدا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکهات و بوو بە جێگای ئاوات و ئامانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمۆنیستە واقعیەکان. بە لە بەر چاوگرتنی هەڵسوڕانی کۆمەڵە بە کردەوە لە ناو زەحمەتکێشان و کرێکاراندا و لەناو کوڕ و کۆمەڵەکانی ئێران، کرێکارانی چەپ و ڕادیکاڵ دەیان مانگرتنی سەرکەوتووانەیان ئەنجام ئەدا و خاوەنکاران و حکومەتەکەیانی وادار ئەکرد بە بەجێهێنانی خواست و چونە سەرەوەی حەقدەستە کانیان.
بەهەرحاڵ لە دوای چەند ساڵ کاروتێکۆشانی هیزەکانی کۆمەڵە و حیزب و لایەنەکانی تر، ئەو هێزانە بەرە بەرە لە کوردستان پاشەکەشەیان کرد و مەیدانیان چۆلکرد بۆ ڕمبازێنی هێزە سەر کوتگەرەکانی جمهوری ئیسلامی و خەڵک و کرێکارانیان بە جێ هێشتوو ڕویانکردە ناو خەڵکی قارەمان و کۆڵنەدەری کوردوستانی عێراق. بەڵام کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و کوردوستان، بە بێ حزوری ئەو حیزب و ڕێکخراوانە دەستیان لە خەباتی حەق خوازانەی خۆیان بەرانبەر بە جمهوری ئیسلامی هەڵنەگرتوو، ئێستایش ئەو خەبات و تێکۆشانە بە شێوەیەکی چڕوپڕتر بەردەوامە و پێویستیان بە قەیموو باوەپیارەی سیاسی نەبووە.
ئەگەر چی چەندین جار بنکە و ئۆردوگاکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست لە لایەن هێزە فاشیستیەکانی حکومەتی بەعسی عێراقەوە بۆردمانکرا، بەڵام پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵ حکومەتی بەعسی عیراق بە قووەتی خۆی مایەوە من ئێستا نامەوێ بچمە سەر ئەو باسە، بەڵام بە هۆی مانەوەی هیزی پێشمەرگە لە ناو بنکە و ئوردوگاکانی کۆمەڵە و کەم بوونەوەی کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و هەروەها تێکۆشانی حەقخوازانەی خەڵکی کوردوستانی ئیران، دەمێک بوو بۆچونێکی جیاواز بەناوی ڕەوتی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ناو حیزبی کۆمۆنیستدا وجودی هەبوو، لە ئاکامدا بیر جیاوازان جیابوونەوە و نزیکەی ٩٨ لە سەدی لە ئەندامانی حزبی کومونیست و پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕۆشتن و عەمەلەن حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وجودی نەماو ئەو ٢٪ دەیشی کە ماهییەتەن بروایان، بە کۆمۆنیست و چینی کرێکار نەبوو تاکتیکەن لە ڕادیۆوە ئیدعای ساغکردنەوەی حیزبی کۆمۆنیستیان ئەکرد و لە خۆڵەمیشی بە جێماوی حیزبی کۆمۆنیستی جیابوەوە بنکە و بارەگایان بە ناوی بە ئیستلاح زیندوکردنەوەی حیزبی کۆمۆنیست ڕازاندەوە.
لەو سەردەمەدا تەواوی ووت وێژەکانی مابەینی ئەفرادی دیفاع لە کۆمۆنیزم لە ڕادیۆو نەشرییەکانی حزب و کۆمەڵەدا بڵاکرایەوە، هیوادارم بە شێوەی هەلپەرستانە ئەو بەڵگەنامە مێژوویانە لە بەین نەبرابێتن و مودەعییانی دوئاتەشەی حیزبی بە ئیستلاح کۆمۆنیستی ئێران، وا ئەوەندە ئیدعای ئازادی و هەڵسووکەوتی موتەمەدنانە ئەکەن، جارێکی تر بۆ جیلی تازەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ووڵات بە بێ سانسۆر و بە بێ دەست تێوەردان، ئەو نەوار و نەشرییاتانە وەکوو خۆێ لە تەلەویزیۆن ڕادیو و نەشرییەکانی ئەمرۆی ئەو تەشکیلاتە بڵاو بکەنەوە با هەرکەس بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی لەو بارەیەوە قەزاوەت بکات و خۆێندەنەوەیکی خۆی بۆ بکات.
لیرەدا بە پیویستی دەزانم ئەوە بڵێم، مەبەستی من بە هیچ جۆرێک دیفاعکردن لە حیزبی کومونیستی کرێکاری و باڵە جیابووەکانی ئەو حیزبە نییە، ئەویش لە بەر ئەوەی کە ڕێبەرانی ئەو ڕەوتە یان نایانەوێت یان نەیانتوانی لەگەڵ شەرایەتی مەوجودی ئەوکاتەدا، خۆیان بگونجێنن و درێژە بە خەباتەکەیان بدەن. من لاموایە ئەگەر ئەو ڕەوتە لە ناو کوردستانی عێراقدا بمایەتەوە، حیزبی بە ناو کومونیستی ئێران، بەم قەبارەیە و بە کردەوەکانی ئێستایانەوە لەوانەیە لە سەر کاغەزدا وەبەر چاو بکەوتبایەت.
هەر چەند گومانم لەوە هەیە ڕێبەرایەتی حیزبی کومونیستی فیعلی ئێران بە مەبەستی کێشکردنی ناوی کۆمەڵە بە دوای خۆیدا، ئیجازەی بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراو بەڵگەنامانەی سەردەمی جیابوونەوەکان نادات و ناهێڵێت خەڵک و کرێکاران و کومونیستەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بینەر و بیسەر بن و ڕاستییەکانی ئەو جیابوونەوەیە بزانن. حیزبی بە ناو کومونیستی فیعلی ئێران، حیزبێکی سکتاریستیە و کامڵەن کردارەکانی ڕیزیۆنیستانەیە، ئەو دەهۆڵەیە کە

دەنگەکەی تەنها لە ناو ئۆردوگای زرگوێزدا ئەبیسرێت و کەسانێک کە گوێی بۆ ئەگرن ئەبێ بەو ریتمە هەڵپەڕن وا رێبەرایەتی ئەو حیزبە  بۆیان دیاری ئەکات.

١- بەداخەوە بە هۆی ئەو کردەوە لادەرانە و غەیرە کومونیستیانەی کە زاڵ کراوە بە سەر وشەی کومونیست و کۆمەڵەدا لە حاڵی حازردا ئەو حیزب و رێکخراوە فێعلییە کراوە بە بنکەی فەخر فرۆشی و سەنتەری بازرگانیکردن بە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمەڵایەتی و گیانبەختکردوانی رێگای سوسیالیزمی راستەقینە و مامەڵەکردنە بە  تێکۆشەرانی ئازادی ن خوازی ئێران و کوردستان. لەوانەیە پرسیار بکرێت، بۆچی ئەمانە ئەڵێم؟ لە بەر ئەوەی کە وەکوو پێشینیان دەڵێن: (تا بەد نەبینی بەدخانە بەیاد ناکەیت).

٢- بە دیتن و سەرەنجدانی هەڵسووکەوت و مناسباتی فەردی و تەشکیلاتی ناو ئەو حیزبە، بە بۆچوونی من ئەو رەوابت و موناسباتە غەیرە کومونیستی و ناشۆڕشگێڕانەیە و بۆ هەر بۆچونێکی واقعی و کومونیستانە، هێڵێکی سووری مەترسیداری شاردراوە کێشراوە و بە هۆی هەبوونی فەزایەکی دوگماتیستی و پۆلیسیانەی ماکیاولیستی سەدەی بیست و یەکەم و پەیرەوی کردنی  ئەو تەشکیلاتە لەو فەزا پۆلیسییەدا، ئینسان وەبیری دام و دەزگاکانی کا گێ بێی دەورانی ئیستالین ئەخاتەوە، هەر کەسێک لەو هێڵە سوورە بترازێت و لە بیری بچێت و پێنج فەرزە نەڵێت من ئەو کومونیست و کۆمەڵەیەم کە رابەرایەتی دیاری کردوە، ئەوە هێڵی سووری بەزاندوە و ئەبرێتە دەبیرخانە و ئەکەوێتە بەر قەهر و غەزەبی تۆڵە سەندنەوەڕی رێبەری ئەو حیزبە و ئەنواع و ئەشکاڵی مۆری جۆراوجۆر هەیە و دانەیەک لەو مۆرانە ئەکوتن بە ناو چاوانیا و لەو تەشکیلاتە دەری ئەکەن و زۆر هەلپەرەستانە ئەشکی تمساحی بۆ ئەرێژن و... هتد.

٣- لە کاتی بەڕێوە بردنی هەر مەراسم و بۆنە جیاجیاکانی حیزبی و جیهانیدا، رێبەرایەتی ئەو حیزبە و بە جۆرێک باسی بۆچون و دیفاع لە کومونیست بوون و خەتی سیاسی دیاریکراوی ئەو حیزبە دەکات، بۆ کەسانێک کە دوورن لەو حیزبە و گوێبیستی رواڵەتی ئەو هەموو قسە جوان و دانارداناارانە ئەبێ، لەوانەیە دڵی زۆر کەس لە بینەران و بیسەران بکەوێتە کەڵکەڵەی ئەوە و خۆزگەی ئەوە بخوازن و بڵێن: بۆچی ئێمە لەو فەزا ئازادەی مەدینە فازڵە دورین کە هاوڕێیانی کۆمەڵە و حیزبی کومونیستی ئێران لێی بەهرەمەندن.

ئاماژە کردن بەمانە، بەو مانایە نەخوێندرێتەوە کەمن کێشەی  شەخسیم لەگەڵ کەسانێکی ناو ئەو تەشکیلاتەدا هەیە، من رێزی مرۆڤ دۆستانە و بە دور لە بۆچونی سیاسی و فکریم هەیە بۆ تەواوی ئەو کەسانە کە بیری جیاوازیان هەیە و جۆرێکی تر خۆیان سەرقاڵی کاروباری سیاسی ئەکەن. بەڵام لە ڕوانگە و بەرداشت و لێکدانەوەی خۆمەوە، ئەوە بە مافی ڕخنەگەرانەی خۆم ئەزانم کە ڕخنەیەکی  کرێکاری و کۆمۆنیستی لە چەواشەکارییەکانی حیزبی بە  ئیستلاح کۆمۆنیست و  ڕێکخراوەی کوردوستانی ئەو حیزبە(کۆمەڵە) بۆ تەواوی کرێکاران و هاوچارەنۆسەکانم بخەمەڕوو، کە هەندێکیان لایان وایە  ئەو حیزب و تەشکیلاتە، ئەتوانێت جێگای ئومێد و پاڵپشتی داهاتووی بزوتنەوەی کرێکاری و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و کوردوستانی بێت.

٤-ئەو کاتەی کە هاورێیانی کۆمەڵە نوێنەرایەتی  خەڵکی کوردوستانیان ئەکرد و بە هەڵسووکەوتی شۆڕشگێڕانە پاڵپشتی کرێکاران و جوتیارانی بێ زەوی و بزوتنەوەی کرێکاری و تێکوشانی ماڤ خوازانەی کوردوستانیان ئەکرد، هەڵوێستێکی رادیکاڵانەیان هەبوو بەرانبەر بە بۆرژوازی  کۆنەپەرستی کوردوستان، بەڵام ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمە رێبەرایەتی ئێستای ئەو حیزبە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی ١٨٠ دەرەجەیی لە ڕێباز و کردوەکانیدا دیارە، ئەوەی کە ئەمرۆ لە هەڵسووکەوتی ریبەرایەتی ئەو حیزبەدا ئەیبینین و ئەبیسین هەموویان دوورن لە راستیەکان...

ئەڵێن دەنگی دەهۆڵ لە دەرەوەوە خۆشە، بریا هەرکام لە ئێوەی خۆشەویست دەرفەتی واتان بۆ برەخسایەت و ماوەی ٦ یا ١٢ مانگ لە ناو ئەو حیزبەدا بمایتنەوە بۆ ئەوەی هەموو ڕاستی و ناراستییەکانتان لە نزیکەوە هەست پێ بکردایەت و ئەوجار بۆخۆتان قەزاوەتتان لە سەر بکردایەت، ئەوکات بۆتان دەر ئەکەوت کە چەندە لە ریبازە شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵە دوور کەوتوونەتەوە.

ئەڵین ئینسان خۆی لە پیاوی خراپ بپارێزێت. ئەگەر چی لە ناوجل و بەرگی زانایان و فیلەسوفانیشدابێت. چوونکە ئەگەر مار لە سەر دانەیەک گەوهەریش دابنیت ژەهری کەم نابێتەوە. هەر چەن بەداخەوەم کە ئەوە ئەڵێم، بەلام هێندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حکا و کۆمەڵە ئەوەند خسڵەت و ماهییەتی دوڕوویانە و چەواشەکارانەیان هەیە، وەکو مراوییان لێهاتووە و بە هیچ ئاوێک تەڕ نابن. بەڵام بە بڕوای من بە هۆی ڕەچاوکردنی ئەو خەسڵەتانە و زاڵکردنی بە سەر تەشکیلاتەکەیاندا، ڕێبەرایەتی حکا بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردەوە دژی کومونیستانەیەی خۆی تەشکیلاتی کۆمەڵە و حکای بەرەو ئاقارێک بردوە کە وەکوو گۆمێکی قووڵی لێکردە و ئەو گۆمەش پڕە لە داو و چێوی نادیار و هەر ئینسانێکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی تێبکەوێت و مەلە نەزانێت بۆ ڕزگارکردنی خۆی بە دڵنیایەوە ئەخنکێت.
٥- لێرەدا ئەمەوێت چەند نموونەیەک لە هەڵسووکەوتی دژی کرێکاری و دژی کۆمۆنیستانەی ئەو تەشکیلاتە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و لایەنگرانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بخەمەڕوو، بۆ ئەوەی ماهیەتی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە باشتر لە ئیدعا بێ بنەما و ناکومونیستانەکانیان بناسرێن و بە هۆی ئەم نووسراوەیەوە بگاتە گوێی بیسەران و خوینەرانی نووسراوەکە و باشتر لە جاران ئاگاداری ئەوە بن، ڕێبەری حکا چۆن فەرهەهەنگی لومپنیزمیان زاڵکردوە و ڕۆژانە برەوی پێدەدەن لە جێگای فێرکردن و پەروەردە کردنی ئەو کەسانەی کە بە هیوای کومونیست بوونی ئەو تەشکیلاتە ڕوو ئەکەنە تەشکیلاتی ئاشکرای حکا و ڕێکخراوە کوردستانییەکەی، ئەگەر کەسێک ناڕازی بێت لە وەها فەرهەنگی لۆمپنیزمی زاڵ بە سەر ئەو تەشکیلاتەدا، لە لایەن ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەوە ناشیاوترین و دژی دیموکراتی‌ترین هەلسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.
من لە تەمەنی ٩ساڵیەوە کرێکار بووم و بە دور لە خۆهەڵکێشان بە هۆی تێکۆشانی کرێکاریەوە، ٢ جار لە لایەن ساواکی حکوومەتی شاوە دەسگیر و زیندانی کراوم و لە دوای شۆڕشی ٥٧ یش بە شێوەی دور و نزیک پەیرەویم لە بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆمەڵەی کومونیست کردوە. ٣ جار بە هۆی کۆمەڵە بوونم و تێکۆشانم لە بواری کرێکاریدا، لە لایەن دام و دەزگاکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستگیر و زیندانی کراوم.
٦- بە هۆی کەوتنە مەترسیم و بە ئومێدی درێژە پێدانی خەباتی کومونیستی و کرێکاری ماوەی چەندین ساڵ لە ریزی پێشمەرگەکانی ئەو حیزب و ڕێکخراوەدا بووم ئەرکە پێسپێردراوەکانی ناو ئەو تەشکیلاتەم بە بیروباوەڕی کومونیستیەوە بەڕێوە بردوە و لەو پەیوەندیەدا چەند جارێک لە لایەن دەبیرخانەوە تەزەکوریان پێداوم، بەڵام بە هۆی ڕەخنەگرتنی شۆڕشگێڕانەم لە کردەوەی هەندێک لە بەرپرسانی ئەو تەشکیلاتە و دیفاعی واقەعیم لە خەتی سیاسی ڕاستەقینەی کومونیستی بە تاوانی کومونیست بوون لە تەشکیلات دەرکرام، پاشان ڕێبەرایەتی هەلپەرست و نوێنەرایەتیەکەی لە شاری سلێمانی بۆ ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان وایان بڵاو کردبووەوە کە گوایا من خانەنشین کراوم و بە ئیستیلاح یارمەتیم بۆ ئەبڕنەوە. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم مەبەستی من یارمەتی وەرگرتن نەبووە و نییە لە دوای چەند ڕۆژ لە دەرکردنم لەو تەشکیلاتە ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ کاک برایمی عەلیزادە باس کرد.
بۆ ئاگاداری هەمووان ئەو یارمەتییەش کە ئەدرێت بە پێشمەرگە بەشی خەرجی ٣ ڕۆژی ناو شاری سلێمانی ناکات و پێدانی هەر نەوع یارمەتییەک بە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، لە کیسەی خەڵیفە کەم نابێتەوە و بە ناوی پێشمەرگەوە لەملاو ئەولا چەندین قاتی ئەو بڕە پارەیە وەر ئەگرنەوە.
٧- هەر چەشنە بیرجیاوازییەکی غەیرە قاڵب لێدراوی ڕێبەریی ئەو تەشکیلاتە کە لە لایەن هەر فەردێکی تێگەیشتوو و دڵخوازی چاکسازی و پاکسازیی ئەو سیاسەت و بەرنامە داڕێژراوە بێت، قەدەغەیە و هەر ڕەخنەیەکی شۆڕشگێڕانەی ناو ئەو تەشکیلاتە ئەکەوێتە بەر چاودێری و لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا ئەکرێت و وەکوو کەسێکی غەیرە خودی حیسابی بۆ ئەکرێت، لومپنەکانی ناو تەشکیلاتی بۆ سازمان ئەدرێت و نموونەی سەلمێنرای ئەو بابەتانەم زۆرە.
لەم پەیوەندیەدا کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە و لایەنگرانی ئەو حیزبە بە هۆی بیرجیاوازیانەوە بە شێوەی پاکتاوگەرانە لەو تەشکیلاتە دەرکراون و ئەو کۆمەڵە هاوڕێیە بە ئەرک و بڕوای ڕاستەقینەی خۆمان زانی بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی ئاشکرا بوونی کۆمەڵە، پەیامی پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەمان بە

ئیمزا و ناوی خۆمانەوە بڵاو کردەوە و لە سەر سایتە ئینترنێتییەکانمان داناو منیش یەکێک لە ئیمزا کەرانی ئەو پەیامە بووم. لەو پەیوەندیەدا یارمەتی ئەو مانگەم پێنەدراو بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن ئەحمەدی ساڵحی بەرپرسی نوێنەرایەتی حکا لە سلێمانی بانگهێشت کرام و لە رابتە لەگەڵ ئیمزا کردنی ئەو پەیامە و مەسەلەی یارمەتیدا، کەوتینە قسەو باس و موناقشە کردن لە سەرەتای قسەکانمدا بە ناوبراوم وت: پێش لە هەموو شتێک من بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن نەهاتووم، چوونکە ئەو تەشکیلاتە هیچ فرێکی بە سەر کومونیستەوە نەماوە. لە دوای قسەو باسێکی زۆر من وتم، ئەو یارمەتییەم ناوێت و پێویستم پێی نییە. کاک ئەحمەدی ساڵحی بەشێوەێک لە شێوەکان ئەوەی درکاند کە یارمەتییەکەت براوە.

لە هەمان کاتدا دوو کادری حیزبی کۆمۆنیست کە لە چاپخانەی نوێنەرایەتی بوون لە دوای ئەحوالپرسیکردنی ئەو دو کادرە، دانەێکیان بە ئەنقەست قسەی دامەزراندو بە شێوەێ هاوارو قیژە قیژی توندو تیژانە، لەگەڵم بەرخوردی کردو بە شێوەی ناشرین و غەیرە سیاسییانە پێی ووتم لەمە بەدواوە ئێوەمانان بە هیچ لەونێک بۆتان نییە سەردانی مەقەڕەکانی کۆمەڵە بکەن. ئەڵبەتە بە گوێرەی خسڵەت و ماهییەتی ڕێبەرایەتی ئەو تەشکیلاتە، بۆ ماوەێکی دیاری کراو و کاتی پێویستیان بەو جۆرەکەسانە هەیە و لەو مۆدێلە کەسانە زۆرن لە ناو تەشکیلاتەکەیاندا ڕێبەری حیزب وەکوو گۆپاڵ بۆ دژایەتی کردنی تێکۆشەرانی راستەقینە و رەخنەگران کەڵکیان لێوەر دەگرێت.

بەهەرحاڵ بۆ ئەوەیکە لەوە زیاتر بێ حورمەتیم پێنەکرێت لە دەفتەری ئەو نوێنەرایەتییە هاتمەدەرەوە، هەڵبەت ئەحمەدی ساڵحی بەرپرسی پەیوەندیەکانی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو.

٨- وێڕای دەستخۆشی و پێزانینێکی زۆر، ئەو هاوڕێیانەی کە پێکەوە پەیامەکەی ی٢٦ ڕێبەندانمان نووسی بوو لەو هەڵسووکەوتەی نوێنەرایەتی حەکا ئاگادار کردەوە، ئەوانیش دەسبەجێ لە راگەیاندنێکدا ئەو هەڵسوکەوتە قیزەونەیان مەحکووم کرد، ئەو هاوڕێیانە لە راگەیاندنەکەیاندا، بە مەبەستی نیشاندانی کردەوەی دژی کومونیستی ڕێبەری حەکا، باسی بڕینی یارمەتی منیان کردوە.

نموونەی ئەو جۆرە بەرخوردە ناشۆڕشگێرانەیە زۆرن، بۆ نموونە شاتر حامیدی کەریمی کە یەکێک لە ڕابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری کە ماوەی چەندین سال پێشمەرگەی ئازاو بە پرنسیبی ئەو تەشکیلاتە بوو و ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی جەماڵی چراغ وەیسی، لە بەر خاتری پشتیوانی کردنی ڕاستەقینە لە بزوتنەوەی کرێکاری جیازازی بۆچوونەکانی لەگەڵ ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە دەرکراوە.

ئسماعیل خودکام یەکێک لە ڕابەران و تێکۆشەرانی بزوتنەوەی کرێکاری لە شاری بۆکان و سەقز بوو ئەو کاتەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و تێکوشەرانی بزوتنەوەی کرێکاری، لەلایان حکومەتی ئیسلامی دەستگیرو زیندانی کراو، ماوەێکی زۆر خۆراکی تەبلیغاتی نەشرییە و ڕادێۆکانی حیزب و ڕێکخراوەی ناو براو بوو کاتێک کەوتە مەترسییەوە هاتە ناو کوردوستانی عێراق و لە نزیکەوە چاوی بە هەلسوکەوتی ناسالم و غەیرە کۆمۆنیستیانەی ئەو تەشکیلاتە کەوتوو زمانی ڕخنەگرتنی بەرانبەر بەو جۆرەی هەڵسووکەوتانەی ڕێبەرایەتی حەکا کردەوە، ڕێبەری حەکا بڕیاری دەرکردنی ناوبراوی داو ئێستا بۆی نییە سەردانی هیچ مقەڕێکی ئەوان بکات.

هەروەها مەجید مارابی و سەیفە حەیدەری لە پێشمەرگە دێرین و سادقەکانی کۆمەڵە کە نموونەی تێکۆشەرانی بە پرنسیپ و دڵسۆز و خاوەن متمانەی ئەو تەشکیلاتە بوون، بە هۆی بیرجیاوازی و رەخنەگرتن لە کردەوەکانی ڕێبەریی ئەو حیزبە لەو تەشکیلاتە بە بروبیانووی جۆراوجۆرەوە دەرکران و بۆیان نییە بە هیچ شێوەیەک سەردانی مقەڕەکانی ئەو حیزبە بکەن.

هەروەها رەشید عەلی زادە وەکوو لایەنگر و کۆمەڵە خۆشەویستێک کە لە شاری سلێمانی دەژی لە نزیکەوە بینی هەڵسوکەوتی ناشۆڕشگێرانە و نادیموکراتیانەی سەرکردایەتی حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە ناوبراو دەستی کرد بە نووسین و رەخنەگرتن لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە و ئەویش کەوتە بەر قەهر و غەزەبی تۆڵە سەندنەوەی ڕێبەری حیزب و تەنانەت کارتی پێناسی ئەو تەشکیلاتەی لێسەندرایەوە و مافی هاتووچۆ کردنی بۆ هیچ مقەڕێکی ئەو حیزبە نییە.

٩- به نیشاندانی ئەو چەند بەڵگە و فاکتەرە لە کردەوەکانی ئەو حیزبە بەو نەتیجەیە گەیشتووم کە سەرکردەکانی حکا و ڕێکخراوە کوردستانییەکەی هیچ نرخ و ئیعتبارێکی واقعیان بە کۆمەڵە و حیزبی کومونیستی راستەقینەوە نەهێشتووەتەوە، مانەوەیان لە کوردستانی عێراق بە بیانووی خەباتی چەکدارانە، کە بە بیانووی ئیدعای خەباتی چەکدارانەی ئەوانەوە چەندین کەڕەت لە لایەن حکومەتی تورکیا و ئێرانەوە چەندین جار لەشکرکێشی کراوەتە سەر ئەو خەڵکە هەژار و بێ پشت و پەنایە و تووشی زەرەر و زیانێکی گەورەی گیان وماڵی کراون. بەڵام سیاسەت و بەرنامەی شاردراوە و دووڕەنگانەی حکا و سازمانە کوردستانییەکەی لە پەیامی ٢٦ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا کە لە لایەن رەئوفی پەرستارەوە خوێندرایەوە بە راشکاوی وتی تەشکیلاتی ئێمە ئەوەندە پێویستی بە پێشمەرگەیە کە پاسەوانی ئۆردوگا و تەشکیلات بکات مانای واقعی ئەو پەیامە ئەوە بوو کە پێشمەرگەمان ناوێت بەڵکوو لە ژێر ناوی پێشمەرگایەتیدا کەسانێکی بێ ئەنگیزەمان ئەوێت کە بە چەکەوە پاسەوانی ئۆردوگا و ئەو کەسانە بکەن کە پاسپۆرتیان هەیە و دەتوانن وەکوو هوتێل کوێستان سەردانی ئۆردوگاکە بکەن و تەڵخ لە خۆشگوزەرانیان نەچێت و ئەمەنیەتیشیان پارێزراو بێت.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، لە ئەمڕۆ بە دواوە هەر چەشنە گیروگرفتێکی ئەمنیەتی وغەیرە ئەمنیەتی بۆ خۆم و خاوخێزانم پێش بێت، ڕێبەری حیزبی کومونیست و ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە لێی بەرپرسیارە.

بژی سوسیالیزمی راستەقینە
بژی بزوتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری
٢٠٠٩/٣/٣٠